# کاریگەریی دەسەڵاتداران بەسەر فەقیهەکان و دە رکەوتنی خوێندنگا فیقهیەکانی سوننی لە سەردەمی یەکەمی عەباسیدا (١٣٢- ٢٤٧ك/ ٧٥٠- ٨٦١ز)

**گۆران عەبدوڵا حەمەعەلی[١]، کەیوان ئازاد ئەنوەر[٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

(فیقهـ)ی ئیسلامی، ڕێگایەکە بۆ شیکار و ڕاڤەی بیرمەند و زاناکانی، لەو ڕێگایەوە ئەو دەستەواژە و مەبەستانەی ئایینەکەیان ڕونکردەوە کە هەمووکەس نەیدەتوانی بەئاسانی تێبیگات و مەبەستی دەقەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)یان خستەڕو، شاراوەیی مەبەستەکانیان بەپشت بەستن بە قسەو فتوای زاناکان و شوێنکەوتەکانەوە ڕاڤەکرد، دەرکەوتنی (فیقهـ) لەژێر هەژمونی سایەی سەردەمی یەکەمی عەباسییدا قۆناغێکی زێڕینی ئیسلام و هەوڵێکی زانستیی بوو بۆ تۆماری پەرتوك و خستنەگەڕی ئەقڵ بۆ ڕاڤەی ئەو پرسیارانەی لەنێو موسڵمانان و ئایینەکانی دیکە ڕوبەڕویان دەبوویەوە. لەو قۆناغەدا، ئەو بابەتە گەیشتە لوتکەی پێگەیشتن، ئەویش بۆ هاندان و ڕۆڵی هەندێك لە خەلیفەکان دەگەڕایەوە، کە هانی زاناکان و بیرمەندانی موسڵمانانیاندا و پارەیان بۆ خەرج کردن و پشتیوانی نوسین و وەرگێڕان و ڕێکخستنی پەرتوك و کۆکردنەوەی پەرتوکە کۆنەکان لە پەرتوکی تازە و دامەزراندنی دەزگای مەعریفی وەك (بيت الحكمە)، بوون بە پشتیوانی دەرکەوتن و سەرکەوتنی فیقهو زانست. ئامانج لەم توێژینەوەیە؛ دەرخستنی ڕۆڵی سیاسی سەردەمەکەیە لە بەرەوپێشچونی گەشەی فیقهی ئیسلامی و هاندانیان لە تۆماری پەرتوك و نوسینەوەدا، کە بەوهۆیەوە ڕاڤەی دەقەکان و کردارەکانی پەیامبەریان خستەڕو. ئەم توێژینەوەیە؛ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میتۆدی مێژو و شیکاری و بەراوردکاری پەیڕەو دەکات، لە کۆتاییدا توێژینەوەکەمان گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك، لەوانە کاریگەریی سیاسیی قۆناغەکە لەسەر نوسین و تۆماری فیقهی سوننی و دەرکەوتنی ئەقلگەرایی لەبواری فیقهدا ڕەنگی داوەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** فیقهـ، خەلیفە، پێشەوا، فتوا، ئیجتیهاد.

## ١. پێشەکی [١]

(فیقهـ) لایەنێکی گرینگ و کاریگەری ئایینی ئیسلام بوو، کە وشەی (فیقهـ) بەپێی قورئان بەواتای (تێگەیشتنێکی قوڵ) کە هەمووکەس ناتوانێت تێبیگات هاتووە، ئەوەش گۆڕانکاریی گەورەی لە تێڕوانینی موسڵمانان هێنایە ئاراوە، چونکە پێشەواکانی ئەوبوارە بەبۆچونەکانیان کرۆکی ئایینەکەیان خستەڕو، هەوڵیاندا چارەسەری هەموو پرسەکانی ئایینەکە بدۆزنەوە و بنەمایەك دابڕێژن، تاموسڵمانان لەکاتی پێویست بۆی بگەڕێنەوە، کە پێشتر لە هەندێك بابەتدا دەستەوەستان دەبوون، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (د.خ) لەنێویاندا نەمابوو وەڵامیان بداتەوە، بەوجۆرە کەسێکی وەك (ئەبو حەنیفە ٨٠-١٥٠ك/٦٩٩-٧٦٧ز) هەوڵیدا ئەوەی لە قورئان و سوننەت و فتوای هاوەڵان و زاناکانی پێش خۆی دەستینەکەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەقل و تێڕوانینی خۆی، بەوەش ئەقڵ ڕۆڵێکی گەورەی لە بڕیاریداندا بینی .

لەم توێژینەوەیەدا؛ میتۆدی شیکاری و بەراوردکاریمان بەکارهێناوە و هەوڵمانداوە ڕاوبۆچونە جیاوازەکان بەراورد بکەین و ڕاڤەی خۆشمان بۆ بوارەکە بکەین، پشتمانبەستوە بەگەلێك سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەر کە لەلیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆکراوە، هەوڵمانداوە دەرکەوتنی (فیقهی سوننی) و ڕۆڵی فەقیهەکان و پشتیوانی و ناکۆکی و پەیوەندی خەلیفەکانی قۆناغەکە، بەتایبەت بۆ ئەو (چوار) فەقیهەی لە نێو جیهانی سوننییدا ناسران و خاوەنی خوێندنگای تایبەت بەخۆیانن بخەینەڕو، دواتر بەئەنجامێك کۆتاییمان بەتوێژینەوەکە هێناوە، بەهیوایین توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی کارێکی زانستیی بێت و لایەنەکی ئەو بوارەمان خستبێتەڕو.

[١] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 1 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 15 حوزەیران 2025؛ پەسەندکردن: 16 حوزەیران 2025
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تەمووز، 2026 بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: goranabdulla593@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 گۆران عەبدوڵا حەمەعەلی، کەیوان ئازاد ئەنوەر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp295-303

## ٢. چەمکی شەریعەت و فیقھ

(شەریعەت) لەڕوی واتاییەوە دو مانا دەگەیەنێت، یەکەم: ئەو شوێنەی ئاوی لێهەڵدەقوڵێت، دووەم: بەواتای (ڕێگا) دێت، وەك خودا فەرمویەتی: "ثم جعلناك على شريعة من الأمر فاتبعها" ( الجاثية، الأية ١٨) واتا: ئێمە تۆمان خستۆتە سەر شەریعەت و ڕێگاو بەرنامەیەکی ئاشکرا، شوێنی بکەوە و کاری پێبکە. خودا لەڕێگەی پێغەمبەرانەوە شەریعەتی بۆ خەڵکی ناردووە، کە لەچاکیدا وەك ڕێگای ڕاستوایە، وەك چۆن ئاو جەستە زیندودەکاتەوە، ئەویش دەرون و ئەقڵی مرۆڤ زیندو دەکاتەوە، شەریعەت ئەو حوکمانەن کە پێغەمبەران هێناویانە و ڕونیان کردۆتەوە، یا ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) بەخەلکی ڕاگەیاندووە کە (قورئان و فەرموده و کردەوەکان)ی خۆی بووە (أبراهيم، ١٩٩٩، ٩).

بەپێی زاراوە؛ چەمکی (فیقھ) بەواتای تێگەیشتنە لە کرۆکی ئایین، کە لە قورئاندا هاتووە: "قالو ياشعيب مانفقه كثيرا مما تقول". (هود، الأية٩١)، واتە: وتیان ئەی شوعەیب ئێمە لەو شتانە تێناگەین کە تۆ سەبارەت بەزیندوبوونەوە و قیامەت باسی دەکەیت. یاخود فەرمویەتی: "ليتفقهوا في الدين" (التوبة، الأية١٢٢)، واتە: بۆئەوەی لە ئایین شارەزابن و تێبیگەن. کەواتا (فقه) لە قورئاندا ئاماژەیە بۆ مەبەستی تێگەیشتنێکی قووڵ (إمام، ٢٠٠٥، ٣٩٤).

لەلایەکی دیکەوە فیقھ؛ لە زمانی عەرەبیدا ئاماژەبووە بۆ زانین و تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە بابەتێك کە پێویستی بەڕادەیەکی بەرزی تێگەیشتن بوو (أبراهيم، ١٩٩٩، ١٠)، بۆیە پێویستبوو بۆ خەڵك ڕونبکرێتەوە. ئەوکارەش بە زاناکانی ئیسلام دەکرا، کە قسەکەر مەبەستی چییە لەقسەکانی و پێگەی وشە لەو زمانەی دەقەکەی پێ نوسراوە، بەپێی جیاوازیی پلەکانی خەڵک (ابن القيم، ١٩٩١، ١٦٧). وەك ئەبوحەنیفە ئاماژەی پێداوە: (معرفة النفس مالها وما عليها) دەبێت مرۆڤ بزانێت چی بۆهەیە و چی لەسەرە. زانین لێرەدا تایبەتمەندییە لەسەر بنەمای بەڵگە (الزحيلي، د.ت، ٢٩)، بۆیە کرۆکی فیقھ (ئیجتیهاد)ە. لەزاراوەی شەریعەتدا (فەقیھ) کەسێکی شارەزایە، کە توانای ڕاڤە و بڕیاردانیان هەبووە لە ڕێگای بەڵگەکانەوە (الجيزاني، ١٤٢٧، ٢٢؛ أبراهيم، ١٩٩٩، ١١). فیقە لە سەر بنەمای (الكتاب،. السنة، الاجماع، العقل)، وەستاوە (الدليمي، ٢٠٢٤، ٥٤).

## ٣. دەرکەوتنی فیقهو ئیجتیهاد

پایەکانی ئیجتیهاد بریتین لە (قورئان، سوننەت، کۆدەنگی و لێکچوون) بەڵام لەکاتی ڕوداوێکی لەناکاو پەنا بۆ ئیجتیهادی تر دەبرێت (ابن العربي، ١٩٩٢، ٩٨/١). سەبارەت بەسەرهەڵدانی فیقھ، دەوترێت (عومەر کوڕی خەتاب ١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز) یەکەم کەس بووە (ئیجتیهاد)ی کردبێت (عمر، ٢٠٠٨، ٧٩١/١)، تا لەگەڵ هەلومەرجی نوێی ئابوری و کۆمەڵایەتی بگونجێت، لە بابەتی ئەوانەی زەکاتیان پێدەدرا و ڕاڕابوون لەئیسلام: "المؤلفة قلوبهم" (التوبة، الأية٦٠)، بۆ ڕاگرتنی دڵی کەسانی باوەڕ لاواز، پارەیان پێدەدرا تا واز لە خراپە و زیان بهێنن (أبن عثيمين، ١٤١٣، ٥٨٠/١٨؛ الغفيلي، ٢٠٠٩، ٣٩١). خەلیفە عومەر بە بیانوی ئەوەی ئیتر ئیسلام جێگیربووە، پارەی ئەوانەی بڕی، لەکاتێکدا پەیامبەر دڵی ئەوانەی بەپارە نەرم دەکرد کە لەگەڵی ناکۆك بوون (حوسێن، ٢٠٢٣، ٦٠). لەوانەیە کارەکەی عمر دروستبووبێت، چونکە کاتێك خەلیفە (مەنسور١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز) پرسیاری لە ئەبوحەنیفە کردبوو: "ئەو زانستەت لەکێ وەرگرتووە؟ وتبووی: لە حەماد کوڕی سلێمان، ئەویش لە ئیبراهیم و ئەویش لە (عومەری کوڕی خەتاب، عەلی کوڕی ئەبو تالیب، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەبدوڵڵای کوڕی عەباس). بۆیە مەنسور دان بەوەدادەنێت، زانستی لە مامۆستایانی پایەبەرز وەرگرتووە (الخطيب البغدادي، ٢٠٠٢، ٤٥٨/١٥).

ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت؛ کە کەسی شارەزا لە بوارەکەدا هەبوون، بۆیە ئەوانیتر لەژێر کاریگەریی هەژمونی سیاسی عەباسییەکان تەنها ئەو بوارەیان فراوانترکرد، کە تاناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی خایاند و بۆماوەی (دوو سەدو پەنجا) ساڵ بەردەوام بوو، ئەوقۆناغە بۆ فیقهی ئیسلامی وەك ڕێنسانس (ڕاچەنین) وابوو بۆ ئیسلام (أبراهيم، ١٩٩٩، ٩٧). بۆیە، ئەو سامانە فیقهی و یاساییە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و هەڵێنجان لە بەڵگەی قورئان و سوننەت دورستبوو، بەرهەمی کۆششی هاوەڵە زاناکانی پێشو بوو، بەوپێیە (فیقهـ) بۆ سەرەتاکانی ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئەگەرنا چۆن هاوەڵان لە هەرێمە جیاوازەکان بەحوکمی هاوشێوە دادوەریان کردووە لە بابەتە هاوشێوەکاندا (موتێری، ٢٠١٨، ٣٥). بەبەڵگەی ئەوەی (عاسم) کە یەکێك بووە، لە خوێندکارانی (عامری شەعبی٣٠-١٣٠ك) و (شەعبی)ش خوێندکاری هاوەڵان و مامۆستای ئەبو حەنیفەش بووە، وتبووی: فەرمودەکانی فیقهان نیشانی (شەعبی)ـدا ئەویش ڕێگەی پێدایین (ابن حجر العسقلاني، ١٩٩٤، ١١٦؛ عمارە، ٢٠١٠، ١٢). بۆیە ڕۆڵی عەباسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچون، نەك سەرهەڵدان.

## ٤. فەقیهە پێشەنگەکانی سوننە

لەو قۆناغەدا؛ موسڵمانانی سوننە (أهل الحديث والسنه) خەلافەتی عەباسییان وەک خەلافەتێکی شەرعی بینی و پێیانوابوو دەبێت خەڵکی بەپێی (بەیعەت) ملکەچ بکات، بەتایبەت فەقیهەکان بەرامبەر خەلافەتی ئومەوی و عەباسی لەڕوی بەدیهێنانی پێکهاتە شەرعیەکانەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو (مالكي، ٢٠١٠، ٢٥٤). کە بە قۆناغی زێڕینی مێژوی زانستی ئیسلامی ناوبراوە. بەوەی سەردەمەکە شاهیدی چەندین کەسایەتی زانستیی دیاربوون، کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر موسڵمانان هەبوو، لە پێشەنگی ئەوانەدا (چوار) پێشەواکە لەگەڵ چەند زانایەکی دیار کە گرینگیان لەوانە کەمتر نەبوو (ابن منصور، ١٩٩٧، ٥٢؛ الحجوي، ١٩٩٥، ٤٠٨/١). نمونەی: وەك (ئیبن جورەیج٨٠-١٥٠ك/ ٦٩٩-٧٦٧ز)و (عەبدول ڕەحمانی ئەوزاعی ٨٨-١٥٦ك/٧٠٧-٧٧٣ز)و (سوفیانی سەوری ٩٧-١٦١ك/٧١٥-٧٧٧ز)و (حەماد کوڕی سەلمە٩٠-١٦٧ك/٧٠٩-٧٨٣ز) و چەندانی تر (الأمام مالك، د.ت، ١٠). کە فیقهی ئیسلامی لای ئەو زانایانە گەیشتە لوتکەی ڕاڤە و تێگەیشتن، بەڵام لە پێشەنگی فەقیهە سوننییەکان، هەریەك لە: (ئەبوحەنیفە نوعمان)، (مالیک کوڕی ئەنەس٩٣-١٧٩ك/٧١١-٧٩٥ز)، (موحەمەد ئیدریس شافعی١٥٠-٢٠٤ك/٧٦٧-٨١٩.) نەوەی (عەبدولمەناف) باپیرەی پەیامبەر (الدقر، ١٩٩٦، ٢٩)، (ئەحمەد کوڕی حەنبەڵ ١٦٤-٢٤١ك/٧٨٠-٨٥٥ز) کە بە (ئیمامی دونیا) ناوی براوە، بوون بەسەرمەزهەبی سوننی (ابن منظور، ١٩٨٤، ٢٤٣؛ الدليمي، ٢٠٢٤، ٢٥).

ئەو فەقیهانە لە جیهانی ئیسلامدا هێندە بەگەورە وێناکران، تائەوەی (ابن عساکر) پێیوابووە: بەمردنی شافعی سوننەتەکان مردن، بەمردنی حەنبەل بیدعە دەرکەوت، بەمردنی سوفیان سەوری خواپەرستی مرد (١٩٩٥، ٢٧٧/٥). (الأصبهاني)ش نوسیویەتی: ئیسماعیل کوڕی موزاحیم المروزی گێڕاویەتیەوە: "پەیامبەرم لە خەودا بینی لێم پرسی: دوای تۆ پرسیار لەکێ بکەین؟ وتی: مالیک کوڕی ئەنەس" (١٩٧٤، ٣١٧/٦)، بەڵام بەرلەوانە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (٦٨ك/٦٨٨ز) کوڕە مامی پەیامبەر، یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی فیقهو فەرموده و تەفسیر، جگەلەوەی پێشتر

خەڵکی تر هەبوون (أبراهيم، ١٩٩٩، ٩٧؛ موتێری، ٢٠١٨، ٦٣). لە فيقهدا باڵادەستی ئەقل لە پێوانەو گەڕان بەدوای بەڵگەدا دەرکەوت، کە ئیجتیهاد بوو لە بڕیاردان، وەك فیقهی ئەبوحەنیفە پێشەنگبوو، بەشێوەیەکی فراوان بۆ پێوانە وەستابوو لەسەر کارکردن بەئەقل (المنجد، ١٩٦٢، ٢٩). بەدەرکەوتنی ئەو خوێندنگا فکریانە، دەرگایەکی فراوان بەسەر بیرمەندانی ئیسلامدا کرایەوە(أمین، ٢٠٢٣، ١٦٣).

## ٥. گەشەکردنی نوسینەوەی فەرموده و ڕۆڵی فەقیهەکان

سەرەتا؛ نوسینەوەی فەرمودەکان ڕەتکرایەوە، لەبەرئەوەی بەبڕوای هاوەڵان و شوێنکەوتوان، نەدەبوو ئایینی ئیسلام پەرتوکێکی تری هاوتای قورئانی هەبێت (عەزیز، ٢٠٢٣، ٢٣)، چونکە لە سەردەمی خەلیفە عەبدول مەلیك کوڕی مەڕوان (٦٥-٨٦ك/٦٨٥-٧٠٥ز)دا سلێمانی کوڕی کە هاوکات جێنشینی بوو، لە ساڵی (٨٢ك)، چووە شاری مەدینە، داوای لە ئابان کوڕی عوسمان کوڕی عەفان (٢٠-١٠٥ك/٦٤١-٧٢٤ز) کردووە ژیانی پێغەمبەری بۆ بنوسێتەوە، بەتایبەت لەبارەی جەنگەکانەوە، بەڵام عەبدوڵ مەلیکی باوکی ڕەتی کردۆتەوە و فەرمانیداوە ئەو پەرتوکانە بسوتێنرێت (ابن بكار،١٩٩٦، ٢٧٥). دەتوانین بڵێین هەتا سەردەمی خەلافەتی عەباسی، سروشتی کۆچەرایەتی و ئەزبەرکردن زاڵبوو بەسەر مێژو، نەك تۆمارکردن، لەو دەمەوە کۆکردنەوەو نوسینەوە گەشەی کرد و بایەخی پێدرا (ماجد، ٢٠١٣، ٣٦٢). هەرچەندە پێش ساڵی (١٤٣ك/٧٦٠ز) کۆکردنەوەی فەرمودە و فیقهە، هەوڵی بۆدرابوو، هەوڵەکەش بۆ بنەمای گێڕانەوە و ڕەسەنایەتی زنجیرەی گواستنەوەکان بووە، بەشێوەیەکی ورد (اسماعيل، ٢٠٠٩، ١٩). ڕەنگە دواکەوتنی تۆماری مێژو و نوسینەوەی فەرمودەکان بگەڕێتەوە بۆ خۆلادانی موسڵمانان لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر کە فەرمویەتی: لا تكتبوا عني، ومن كتب عني غير القرآن فليمحه (مسلم، ١٩٥٥، ٢٢٩٨/٤؛ البغوي، ١٩٨٣، ٢٩٤/١). بەڵام عەباسیەکان خوێندنەوەیەکی جیاوازیان بۆ بابەتەکە هەبوو تا هانی ئەو کەسانەیاندا گرینگی بەنوسین بدەن.

وەك پەرتوکی (موطإ)؛ شەرعی ئەو فەرمودە فیقهیانەیە، کە نزیکەی (پێنج سەد) فەرمودەی فیقهی تێدایە (موتێری، ٢٠١٨، ٤٥) . کە (الألوسي) پێیوایە: تا فەرمودەیەکی مالیك هەبێت، نابێت هیچ فەرمودەیەکی تر پێش بخرێت (٢٠٠١، ٣٢٢/١). پەرتوکەکە لێکۆڵینەوە بوو لە فەرمودەکانی پەیامبەر لەلای خەڵکی حیجاز، ئەوکاتە بەهۆی زاناکان و ئەزبەرکردنی سوننەتەکان پێشەنگ و میرات گری گەورە هاوەڵان و گێڕانەوەکان و فتوای هاوەڵان پارێزراو بوو (الأمام مالك، د.ت، ٨)، ، هەر لەسەر داوای خەلیفە مەنسور، لە کاتی حەج کردندا داوای لە (مالیك) کردبوو پەرتوکێك بنوسێت، ئەویش (الموطاء)ی نوسی (عكله، ٢٠١٣، ٩٢؛ عماره، ٢٠١٠، ١٨). کە مالیك لەبارەی مەدینەوە نوسیویەتی: وقد فتحت المدائن بالسيوف، وافتتحت المدينة بالقرآن. چۆن هەڵینەبژێرم کە شوێنی کۆچ و سونەت و مینبەر و نوێژ و گۆڕی پێغەمبەرە (بن أنس، ٢٠٠٤، ١٠/١)، هەموو ئەوانەی بەلێکۆڵینەوەی وردەوە تۆمارکرد (الأمام مالك، د.ت، ٨). بۆیە شافعی پێیوایە، بنچینەکانی حوکم (پێنج سەد) فەرمودە زیاترن هەموویان لای (مالیك)ن تەنها (سی) فەرمودە نەبێت، هەموویان لای سوفیان ئیبن عوینیەن تەنها (شەش) فەرمودەیان نەبێت (السيوطي، ٢٠٢٢، ٧٥٢/٢). باس لەوەش کراوە یەکەم کەس لە شاری مەککە لە ساڵانی (١٢٠-١٣٠ك) (ئیبن جورەیج) بوو پەرتوکی (الآثار وحروف من التفسير)ی نوسی (السيوطي، ٢٠٢٢، ٤٠٨/٢).

لەوانەیە؛ دواکەوتنی نوسین، پەیوەندی بەوەوە هەبوویێت کە (زوهری ١٢٤ك/٧٤١ز) ئاماژەی بەوەداوە: جاران ڕقمان لە نوسین بوو لەسەر زانست، تا ئەو شازادانە ناچاریان کردین، ئیتر بڕیارماندا ڕێگری لە هیچ موسڵمانێك نەکەین. ڕەنگە پشتیان بەو فەرمودەیە بەستابێت، کەسێك بەناوی (ئەبو شامە) وتبووی: ئەی پێغەمبەری خودا بۆم بنوسە. ئەویش فەرمویەتی: بۆ ئەبو شامە بنوسن (البغوي، ١٩٨٣، ٢٩٤/١). هەرچەندە باس لەوەش کراوە، ئیبن جورەیج لە شاری مەککە یەکەم کەس بوو پەرتوکی ڕێکخراوی نوسی، بەپەرتوکەکانیان وتووە (الأمانة) وەك (الجامع، السنن) (موتێری، ٢٠١٨، ١٠٦)، دواتر (ئەبوحەنیفەش کتێبی (الفقه الأكبر)ی نوسی (عكله، ٢٠١٣، ٩٢؛ عماره، ٢٠١٠، ١٨). هەریەك لە ئەوزاعی لە شام و حەماد کوڕی سەلمە) و ئەوانی تر لە بەسرە، سوفیانی سەوری لە کوفە پەرتوکیان نوسیبیەوە، ئیبن ئیسحاق (المغازى) نوسی، پاش ماوەیەک (هوشەیم و لیث)یش (ئیبن لاهیعە) یان نوسی، ئینجا مەعریفە تۆمار و پۆلینکرا، کتێبی عەرەبی و زمان و مێژو نوسرانەوە (ابن منصور، ١٩٩٧، المقدمة، ٥٢؛ الذهبي، ١٩٩٣، ١٣/٩)، ئیبن حەنبەل لە ساڵی (١٨٠ك/٧٦٩ز) (المسند)ی نوسی (عماره، ٢٠١٠، ١٦٤)، لەسەر داوای (هارون ڕەشید١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٧٠٩ز)یش پەرتوکی (الخراج) لەلایەن (ئەبو یوسف) دادوەری دادوەران بۆ ڕێنمایی وەرگرتنی باج و خەرج کردنی بەپێی بنەماکانی ئیسلام نوسرا (أبراهيم، ١٩٩٩، ٩٨). بۆیە شانازی ئەو بوارە بۆ سەردەمی یەکەمی عەباسیەکان دەگەڕێتەوە.

ئەو قۆناغە؛ وەك باسکراوە لە ساڵی (١٤٣ك/٧٦٠ز)وە بەسەردەمی (پۆلینکردن و نوسینەوەی فەرمودەکان) دانرا، چونکە پێشتر فەرمودەکان لەلایەن زاناکانەوە زیاتر بەبیری خۆیان یان لاپەڕەی نارێکخراو وەردەگیرا (ابن منصور، ١٩٩٧، المقدمة، ٥٢؛ السيوطي، ٢٠٠٤، ١٩٤). ڕەنگە ئەو دەسکەوتە لەبواری بەرهەمی زانستیی بۆ سیاسەتی (مەنسور) بگەڕێتەوە، چونکە وەرگێڕانی پەرتوکی ئاینەکانی تری بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانیان دەستپێکرد، تا زانایانی ئیسلام وەڵامی پرسیار و ڕەخنەی بەرامبەرەکانیان بدەنەوە (ئەنوەر، ٢٠٠٤، ٣٣٢). زانایانی فیقهو فەرمودەی لە کۆشکەکەی نزیك کردەوە، کە پێشتر لە مەدینە گۆشەگیر بوون (بروکلمان، ٢٠١٧، ١٥٢).

لە سەردەمی هارون ڕەشید بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستکرا بەکۆکردنەوەی پەرتوکە زانستییە جیاوازە کۆنەکان، خانەی تایبەت دروستکراو بەزانا پێشکەوتوخوازەکان سپێردرا، لەسەردەمی خەلیفە مەئمون (١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز) چالاکی (بزوتنەوەی کۆکردنەوە) گەشەی کردو نوێنەریان نارده شوێنە جیاوازەکانی وڵاتان، بۆ گەڕان بەدوای دەستنوسە کۆنەکان و نوسراوە یۆنانی و فارسی و هیندیەکان، پارەی زۆریان تێدا خەرج کرد، خەلیفەکان لە هەموان زیاتر مەبەستیان بوو سەرچاوەکان کۆبکەنەوە و بیان پارێزن، ئەو خانەیە ناونرا (بيت الحكمة)، کە هەزاران کتێبی هەمەجۆری لەخۆگرت و سەهل کوڕی هارون لەساڵی (٢١٥ك/ ٨٣٠ز)ی بۆ سەرپەرشتیکردن دیاریکرا (اسماعيل، ٢٠٠٩، ١٧).

## ٦. هەڵوێستی فەقیهەکان و پەیوەندیان لەگەڵ خەلافەت

### ٦ .١.هەڵوێستی فەقیهەکان بەرامبەر خەلافەت

عەباسیەکان؛ بۆ جێگیربوونی خۆیان و پشت ڕاستکردنەوەی شەرعیەتی دەسەڵات، پەنایان بۆ زانا و دادوەر و فەقیهەکان برد، ڕەنگی پێزانین و ڕێزیان پێبەخشین و پشتیان بە ڕاکانیان بەست، تا لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دەوڵەت سودیان لێ ببینن، چونکە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp295-303

بۆچونی فەقیهەکان کاریگەریی بەسەر کۆمەڵگەوە هەبوو، تەنانەت بڕیارەکانیان وەك فەرمان لەبەرچاو دەگیرا، هەڵوێستیان لەسەر شەرعیەتی خەلافەت و حوکمی پێویست بە گرینگ دانرابوو (مالكي، ٢٠١٠، ٢٥٤-٢٥٥). تاحەنەفیەکان، کۆك بوون لەسەر باڵادەستی فەرمانڕەوا و مۆڵەتیاندا، پەیمانێك هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر بارودۆخ گۆڕا لە بەرژەوەندی بەرامبەرەکەیاندا، ئەگەرچی زانایانی فیقهی پابەندبوونیان بەپەیمانەکە بەفەرمانێکی ئایینی و ئەمەکداری زانی. وەك لەقورئان هاتووە: ( وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ) ( النحل: الأية ٩١) . ئەو هۆکارەش بوو، کە بۆ ماوەیەك ڕێبازی حەنەفی لە عێراق بەربڵاوتر بوو بەراورد بە ڕێبازەکانی تر، ئەگەرچی بیری خوێندنگای حەنەفی لە هەموو وڵاتێکدا بڵاوبوویەوە کە دەوڵەتی عەباسیی دەسەڵاتی تێدا هەبوو، تا لەهەندێك ناوچە بوو بەعەقیدەی فەرمی، هەرکاتێکیش دەسەڵاتی عەباسیی لاواز بووبێت ئەویش لاواز دەبوو (السامري، ١٩٩٧، ٤٧). هەرچەندە باس لەوەکراوە (ئەبو یوسف) توانی دانپێدانانێکی فەرمی بۆ ڕێبازی حەنەفی لە دەوڵەتدا وەربگرێت، کە بەڕای (برۆکلمان) ئەو ڕێبازە لە خزمەتی دەوڵەتی ناوەندیدا بوو (٢٠١٧، ١٥٢). ڕەنگە ئەبوحەنیفە باوەڕی بە چەسپاندنی دەوڵەت هەبوبێت و خەلافەتیش دانی پێدانابێت.

وەك (غەزالی)یش پێیگەیشتووە: "دەبێت ئەوە بزانین کە شەریعەت ئەسڵە و دەسەڵات پاسەوانیەتی، هەرشتێك ئەسڵەکەی نەما لەبەین دەچێت، ئەگەر پاسەوانیشی نەبوو لە دەست دەچێت" (وەرگیراوە لە: میسری، ٢٠٠٥، ٣٣٧). ئەوەش ئەو بۆچونەبوو کە دەستی دەسەڵاتی سیاسی واڵادەکرد لە هەڵسوکەوتەکانی. لەوبوارەدا خەلیفە مەنسور سەرکەوتوبوو لە ڕازیکردنی کۆمەڵێک فەقیہ، تا پۆستی دادوەری قبوڵ بکەن، بەئامانجی دانپێدانانی ناڕاستەوخۆ بە شەرعییەتی خەلافەتەکەی، یەکێك لەوانە: ئیبن ئەبی لەیلا بوو، کە بۆ ماوەی (بیست) ساڵ (١٣٢-١٥٣ك/٧٥٠-٧٧٠ز) دەسەڵاتی دادوەری شاری کوفەی بەڕێوەبرد، دوای ئەو شەریک کوڕی عەبدوڵا لە ساڵی (١٥٣ك/٧٧٠ز) دەسەڵاتی دادوەری شارەکەی وەرگرت، دوای مەنسور خەلیفە (مەهدی١٥٨-١٦٩ك/٧٧٥-٧٨٥ز) لە ساڵی (١٥٨ك/٧٧٥ز) دەسەڵاتی دادوەری شاری (بەغدا)شی پێدا، سەواد کوڕی عەبدوڵڵاش لە ساڵی (١٣٨-١٥٦ك/٧٥٥-٧٧٣ز) بووە دادوەری شاری بەسرە (مالكي،٢٠١٠، ٢٥٦).

لەپاڵ ئەوەشدا؛ جارهەبوو فەقیهەکانیش لەهەندێك پرسی سیاسیدا لەبەرژەوەندی خەلیفەکان بێدەنگ دەبوون، وەك ئەوەی (ئەبو عەباسی سەفاح١٣٢-١٣٦ك/٧٥٠-٧٥٤ز) بۆ جێنشینی لەدوای مەنسور، (عیسا کوڕی موسا)ی دیاریکرد، بەڵام مەنسور وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکرد و مەهدی پێشخست و موسای وەلانا (الماوردي، د.ت،٣٧؛ القلقشندي،١٩٨٥، ٥٧/١)، لەکاتێکدا ئەبوحەنیفە و مالیك هەردووکیان لەژیاندابوون و بێدەنگ بوون. ڕەنگە ئەوەیان بۆ خۆبەدورگرتن بووبێت لە ململانێی دەسەڵات، چونکە مالیك لەبارەی دەسەڵاتدارانەوە قسەیەکی هەیە: "نزیك بوونەوە لە دەسەڵاتداران چاکەو خێری تێدا نییە" (عمارە، ٢٠١٠، ١١٦).

بۆ ئەو پرسە؛ عەقیدەی شافعیش ڕێگەیان بەخەلیفەدا کەسێکی گونجاو بکات بەجێنشێن، کە بۆ خەلافەت گونجاو بێت، بەڵام مەنسور ئەوەی جێبەجێ نەکرد (الماوردي، د.ت،٣٧). بیانوەکەشیان ئەوەبوو کارێکی سیاسییە و خەلیفە بنەماڵەکەی لەپەرتەوازەیی پاراستوە و سەرەتای دەوڵەتەکەیانە, ئەویش دڵی دەوڵەتەکەیە، بۆیە مافی خۆیەتی خەمی دەوڵەت و بنەماڵەکەی بخوات، بۆیە دەکرێت بەشێوەی (دەست بەسەرداگرتن)یش بێت، بێئەوەی لەلایەن خەلیفەی پێشووەوە کەسێك دیاریکرابێت، یاخود جێنشین بوبێت یا (أهل الحل والعقد) بەیعەتیان پێدابێت، بۆئەوەی کۆمەڵگە بەیەکگرتویی بمێنێتەوە. ئەگەر مەرجەکانی خەلافەتیشی جێبەجێ نەکردبێت، چونکە ئەگەر واینەکرادایە فەرمانەکانی بێئەنجام و بەزیانی موسڵمانان تەواو دەبوو، بۆیە شافیعیەکان ڕایانوایە ئیمامیەکەی جێگیرە (القلقشندي، ١٩٨٥، ٥٨/١). ئەوەش، لەبەرژەوەندی خەلافەت بوو، کە بەشێوەی شۆرش هاتبوون و عەلەویەکانیش خەلافەتیان بەمافی خۆیان دەزانی، بۆیە ئەوانە وەڵامێك بوون بۆ هەموو ئەوانەی نیگەران و دژ بوون. تا هەندێك بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ناسینی ئیمام ئەرکە، وەك جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەی پەیامبەر هێنای، وەك ئەوەی وترابوو، هەرکەسێک لە ئیمام بێئاگابێت و بمرێت بە نەزانی دەمرێت (الاشعري، ١٩٨٠، ٤٩). هەروەها ئەرکیش بوو لەسەر موسڵمانان ئیمام بەشێوەی کەسی و ناوەکەی بناسن، هەروەک چۆن ئەرکە خودا و پێغەمبەرەکەی بناسن (الماوردي، د.ت، ٣٩). ئەوەش پیرۆزکردن و بۆچونێکی سیاسی بوو.

## ٦ .٢.هەڵوێستی خەلیفەکان بەرامبەر فەقیهەکان

خەلیفەکان؛ تا ئەوکاتەی لە بەرژەوەندیاندا بوو پاڵپشتی فەقیهەکانیان کرد، بەڵام کاتێك لەبەرژەوەندی ئەوان کاریان نەکرد، کەوتنە دژایەتییان. ڕەنگە بەناوبانگترین قوربانی (ئەبو حەنیفە) بوویێت، کاتێك مەنسور ویستی لە کوفەوە بینێرێت بۆ بەغدا تادادوەری بکات، بەڵام ڕەتیکردەووە، هەردووکیان (مەنسور و ئەبو حەنیفە) سوێندیان لە یەکتر خوارد بەقبوڵ کردن و ڕەتکردنەوە. مەنسور بۆ جاری دووەم سوێندی خوارد کەدەبێت دادوەری بکات، ئەبوحەنیفەش ڕەتیکردەوە (مالكي، ٢٠١٠،٢٥٧) ، بۆیە (ڕەبیع) ناوێك ئاگاداری کردۆتەوە: "ئایە نابینیت فەرماندەی باوەڕداران سوێند دەخوات! ئەویش وتبووی: فەرماندەی باوەرداران توانای کەفارەتی سوێندەکانی زیاترە لەمن. بۆیە مەنسور زیندانیکرد، پاشان جارێکی تر هێنایەوە و هەڕەشەی لێکرد، کە دەبێت دادوەری بکات، ئەبوحەنیفە ڕەتیکردۆتەوە: "ئەگەر لەفوراتدا بمخنکێنیت، خنکان هەڵیدەبژێرم، چونکە من بۆ ئەو کارە شیاونیم" (ابن خلكان، ١٩٩٤، ٤٠٦/٥؛ ابن تغري بردي، د.ت، ١٣/٢). بەڵام دواجار مەنسور بەزۆر لە مزگەوتی ڕەسافەی شاری بەغدا کردی بەقازی، کە بەپێی گێڕانەوەی (ئیبن خەلەکان)بێت، تەنها دوای (یانزە) ڕۆژ لە پۆستەکەیدا مردووە (١٩٩٤، ٤٠٧/٥). کە (عکلە) پێیوابوو لە زیندان ژەهرخوارد کراوە (٢٠١٣، ٩٣)و (المسعودی)ش نوسیویەتی: لەکاتی سوجدەبردن مردووە (المسعودي، ٢٠٠٥، ٢٥٢/٣). بەڵام دەکرێت بەهۆی هەستکردن بە فشاری زۆر و تێڕوانینی بۆ سیاسەتی خەلافەت بووبێت، کە چەندین باجی ناڕەوا خرابویە ئەستۆی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا.

خەلیفە مەنسور لە گەورەیی ئەبوحەنیفە گەیشتووە، چونکە کاتێك ویستی خەڵکی شاری موسڵ ڕەشەکوژ بکات، ئەبوحەنیفە و ئیبن ئەبی لەیلا کوڕی شوبرومەی هێناو پێیوتن: خەڵکی موسڵ مەرجیان دانا یاخی نەبن، ئەگەرنا خوێن و سامانیان حەڵاڵ دەبێت. بەڵام لەسەر بەڵگەهێنانەوەی ئەبوحەنیفە وازی لە هێرشکردنە سەریان هێنا (ابن الأثیر،١٩٩٧، ١٥٦/٥؛ ابن خلدون،١٩٨١، ٢١٢/٣)، چونکە درکی بەڕۆڵی زانا و دادوەرەکان کردبوو لە دانانی بناغەکانی دەوڵەت، بۆیە وتبووی: "من پێویستم بە (چوار) کەس نییە لە دەرگاکەم بوەستن بەبێ پاکیزەترینیان". کاتێك پرسیاریان لێکرد ئەوانە کێن؟ ئاماژەی بەوەداوە، ئەوانە کۆڵەکەکانی وڵاتن، وڵات بەبێ ئەوانە شیاو نییە (مالكي، ٢٠١٠، ٢٥٥). کاتێکیش هارون ڕەشید داوای لە مالیك کرد لەماڵەوە منداڵەکانی (ئەمین و مەئمون) فێری زانست بکات و (موطاء)ی لابخوێنن، ئەو ڕەتیکردەوە، وتبووی: "ئەگەر تۆ زانست بەرزبکەیتەوە شکۆمەند دەبێت، ئەگەر زەلیلی بکەی زەلیل دەبێت، زانست دەبەخشرێت ناهێنرێت". بەوەش خەلیفە قسەکەی

پەسەند کردو منداڵەکانی نارد بۆ مزگەوت، بەڵام هێشتا مەرجی دانا بەوەی، دەبێت لەدواوە دانیشن نابێت بەسەر شانی خەڵکدا بازبدەن (الأشقر، ١٩٩٨، ١١٤؛ أبراهيم، ١٩٩٩، ٩٨). ئەوەش لێهاتویی ئەو دەردەخات، نەك وەك (عكلە) پێیوایە: مالیك لەدەرکردنی فتوا بۆ پاڵپشتی موحەمەد نەفس زەکییە خۆپارێزی کردووە و جێگیر نەبووە لەبڕیاردان، چونکە سەرەتا فتوای نەدا. تا نوسیویەتی: (تقية) خۆپارێزی کاری زۆربەی زاناکانی ئەو سەردەمە بووە (عكلە، ٢٠١٣، ٨٦).

چونکە؛ کاتێك لەساڵی (١٤٥ك/٧٦٢ز)دا (محمد نەفس زەکییەو ئیبراهیم) کوڕانی (عەبدوڵا) نەوەکانی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) ڕاپەڕین، خەڵکی پرسیاریان لە فەقیهەکان کرد: ئایا ڕەوایە بچینە پاڵیان؟، لەکاتێکدا بەیعەتمان بە مەنسورداوە. (ئەبو حەنیفە و عەبدولحەمید کوڕی جەعفەر و ئیبن ئەجلان) ڕێگەیاندا بچنەپاڵیان دژی مەنسور، مالیکیش فەتوایداوە، بەیعەتدان لەناچاریدا، هیچ سوێندێك ناخاتەسەر ئەوکەسەی بەزۆر کارێکی پێکراوە (الذهبي، ١٩٩٣، ٢٣/٩؛ السيوطي، ٢٠٠٤، ١٩٤). چونکە ئەوانەی گفتیان دابوو پێیان وترابوو ئەگەر هەڵگەڕێنەوە تەڵاقیان دەکەوێت، بەڵام مالیك ئەوەی ڕەتکردەوە، وتبووی: "ليس على مكره يمين وأن طلاق المكره لايقع"، بەوشێوەیە خەڵك چونە پاڵ شۆڕشەکە (عكلە، ٢٠١٣، ٨٥). لەسەر ئەو وتەیە جەعفەر کوڕی سلێمان والی مەدینە لە ساڵی (١٤٦ك/٧٦٣) بە قامچی لە مالیکیدا تا شانەکانی دەرکەوتن، ئەوەش بوو بەهۆی نارەزایی خەلك، بۆیە مەنسور ناچاربوو داوای لێبوردن و خۆ بێبەریکردن لەو ڕوداوە بکات (القطان، ٢٠٠١، ٣٤٨).

وەك؛ لەوبارەیەوە ڕوداوێکی دیکە لەزاری شافعی دەگێڕدرێتەوە، کە دوای کۆچی دوایی مالیك چوەتە یەمەن، پێگەی بەرزبویەوە، بەڵام والی یەمەن، کە لەلایەن هارون ڕەشیدەوە دانرابوو،کەسێکی نادادپەروەرو فێڵباز بووە، ئەویش ڕێگەی لە ستەمکاریەکەی گرتووە (ياقوت الحموي، ١٩٩٣، ٢٣٩٧/٦؛ المقريزي، ٢٠٠٦، ١٧٨/٥). باسی لەوەش کراوە، لە یەمەن (نۆ) عەلەوی هەبوون ڕۆیشتبوون، والیەکە بۆ (ڕەشید)ی نوسیبوو: عەلەوییەکان ڕۆیشتون، بەڵام لێرەدا پیاوێك هەیە لەنەوەکانی (شافع کوڕی موتەڵیب) هیچ فەرمان و ڕێگریەکم بەسەرئەودا نییە، بۆیە ترسم لە دەرچونی عەلەوییەکان هەیە. (ابن عساكر، ١٩٩٥، ٢٨٦/٥١). ئەوەش هەر بۆ تۆمەتبارکردنی شافعی دەبینین، کە لەبەرامبەردا خەلیفە بۆ والی نوسیبوو: ئەو خەڵکانە و (شافعی) لەگەل خۆتان بێهنن و وەرن بۆلام، ئەوەبوو لە ساڵی (١٨٤ك/٨٠٠ز) هێنایاننە شاری بەغدا، لەوکاتە محمد حەسەنی شەیبانی سەرۆکی دادوەرانی لابووە، (ڕەشید) بەڕم و شمشێر هێرشی کردە سەر عەلەوییەکان و کوشتنی (ياقوت الحموي، ١٩٩٣، ٢٣٩٧/٦؛ عمارە،٢٠١٠، ٨١). شەیبانی لەوکاتەدا وتبووی: ئەمیری باوەڕداران ئەو موتەلیبیە (شافعی) بەقسەی خۆش باوەڕت پێنەهێنێت، ئەو پیرە پیاوێکی حەکیمە، (شافعی )یش وتبووی: فەرماندەی باوەڕداران، تۆ بانگت کردوە و من بانگ کراوم، تۆ توانای ئەوەت هەیە کە لەمنت دەوێت، بەڵام من توانای ئەوەم نییە کە دەمەوێت (ابن عساكر، ١٩٩٥، ٢٨٦/٥١؛ المقريزي، ٢٠٠٦، ١٧٨). تۆ چی دەڵێیت دەربارەی (دوو) پیاو یەکێکیان وەك برای خۆی دەتبینێت و ئەویتریان وەك خزمەتکار، بەڕای تۆ کامیان خۆشەویسترە؟ ڕەشید وتبووی: ئەوەی تۆ وەك برا دەبینێت. (شافعی) ئاماژەی بۆدەکات ئەوەتۆی. ڕشید وتبووی چۆن؟. بەوەی تۆ کوڕی عەباسی، ئێمەش کوڕی موتەڵیبین، ئەوانیش کوڕی عەلین، تۆ ئێمە وەک برای خۆت دەبینیت، ئەوان وەک کۆیلەی خۆیان دەمانبینن. ئیتر ڕەشید دانیشت (ياقوت الحموي، ١٩٩٣، ٢٣٩٧/٦؛ المقريزي، ٢٠٠٦، ١٧٨/٥). ئەوەش ڕۆڵێکی ساسی شافعی بووە بۆ خۆ ڕزگارکردن، چونکە کاتێك پرسیاریان لێکردبوو، پیاو دامەزراوبێت باشە یاخود تاقیبکرێتەوە؟ ڕایوابووە، "پیاو دامەزراو نابێت تا تاقینەکرێتەوە" خودا نوح و ئیبراهیم و موساو عیساو موحەمەدو پێغەمبەرانی تاقیکردەوە، دوای خۆڕاگریيان دامەزراوی کردون (ابن تيمية، ١٤٤٠، ٢٥٥/٣) .

لەوانەیە؛ ئەو تۆمەتبارکردنەی شافعی بەلایەنگری عەلەوییەکان ڕاستبێت، بەڵام نەك بەڕێباز، بەڵکو بەهۆی سۆزی دەرهەق بەو هەڵسوکەوتانەی بەرامبەریان کرا، چونکە (شافعی) هۆنراوەیەکی نوسیوە:

ئەگەر خۆشەویستی بنەماڵەی موحەمەد بە دژ هەژماربێت ... با مرۆڤ و جنۆکە شایەتی ئەوەبن من دژبەرم (الأصبهاني، ١٩٧٤، ١٥٢/٩؛ ابن القيم، ٢٠١٩، ٢٩/١).

ئەوە لەکاتێکدا؛ شافیعی ئاماژەی بەوەداوە: ڕقم لەوەیە بوونەوەرێک ئەوەندە بەرزبێتەوە گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت، لە ترسی ئاژاوە بۆ خۆی و خەڵکی دوای خۆی (أمين، ٢٠١٢، ٣١٩). ڕەنگە لەوبابەتەدا مەبەستی شیعەکان بووبێت کە گۆڕی ئیمامەکانیان ئەوەندە پیرۆزکرد لە زیارەتکردن تێپەڕی و نزیکبونەوە لە پەرستن. بەڵام ئەو تێڕوانینەیان بۆ (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) جیاوازبوو، تەنانەت وتراوە (حەنبەل) فەرمودە ناس بووە نەك فەقیهـ (عمارە، ٢٠١٠، ١٥١). لەسەر ئەو بابەتە، لە سەدەی سێیەمی کۆچی ئاژاوەیەك لەبەغدا دروستبوو بەدژی ئەو بۆچونە، کاتێك (محمد کوڕی جرير تەبەری) لە پەرتوکی (اختلاف الفقهاء) ئاماژەی بەوەداوە (حەنبەل) فەقیهـ نییە بەڵکو فەرمودەناسە (باتون، د.ت، ٢٣٦). بەڵام حەنبەل لەسەر بابەتی (خەلقی قورئان) ئازارێکی زۆردرا، چونکە خەلیفە مەئمون خۆی بانگەشەی هزری خەڵقی قورئانی دەکرد و پشتیوانی موعتەزیلەکانی دەکرد، بۆیە تا مردنی مەئمون ڕۆژبەرۆژ هەڵگرانی ئەو هزرە بەهێز دەبوون و گەشەیانکرد (الذهبي، ١٩٩٣، ٩٧/١٨). بەهۆکاری دژایەتی و ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچونە، لەسەردەمی هەرسێك خەلیفە (مەئمون و موعتەسەم و واسق)، حەنبەل زیندانیکراو ئازاردرا (ابن تيمية، ١٩٩٩، ٧٨/١؛ أمين، ٢٠٢٣، ١٦٣).

## ٧ .پێشکەوتنی بواری فیقهی سوننی

ئەوەی تێبینی کراوە؛ ڕۆڵێکی ئەوتۆی زاناو فەقیهەکان لەنێو گێژاوی ململانێی ئومەوی و عەباسیی نەبینرا و خۆیان لە سیاسەت بەدور گرت، ئەوەش لایەنێکی نەرێنی فەقیهەکانی قۆناغی ڕاگوزەرە، ڕەنگە هەر ئەوەشبێت، فەقیهەکانی سەردەمی ئومەوی نەبوون بەسەرمەشق، هاوشێوەی (چوار) فەقیهەکەی سوننی سەردەمی یەکەمی عەباسیی، کە هەریەکەیان بوون بەخاوەنی ڕێباز و خوێندنگای تایبەت بەخۆیان، وەك (سخنيني) پێیوایە: هیچ بەڵگەیەکمان نییە بەڕونی ئاماژە بەوەبکات فەقیهو زاناکان ڕایەك یا هەڵوێستێکیان سەبارەت بەو ڕوداوانەی ئەو قۆناغە هەبووبێت، هەرچەندە باسی لەوە کردووە: (ئیبراهیم ئیمام) ئەو کەسە نەبوو دڵخوازی ئەوانبێت (١٩٩٨، ٣٥٤). لەکاتێکدا، یەکەم خوێندنگای فیقهی دەگەڕێتەوە بۆ حیجاز، بەتایبەت شاری مەدینە، شارێك شوێنی کۆچی پەیامبەر و بەشێکی سروش و سەرچاوەی یەکەمی یاساکان بوو، کە لەدوای پەیامبەرەوە بۆ خەلیفەکان مایەوە، جگەلەوەی بەشێکی گەورەی لە دارشتنی یاساکان بەپێی قورئان و فەرمودەکان و دواتر قسەی هاوەڵان بەرکەوت، ئەگەر لەبوارێکیشدا دەقێك نەبوایە بێدەنگ دەبوون (أبراهيم، ١٩٩٩، ٨٦)، ئەو پێشکەوتنە فیقهیە، لەسەردەمی یەکەمی عەباسیی لەو شارەدا قۆناغێکی مەزنی بڕی، بەبەڵگەی ئەوەی شافیعی ئاماژەی بەوەداوە، دوای قورئان هیچ کتێبێک نییە لە (موطإ)ی مالیک ڕاستربێت، چونکە لە فەرمودەی هاوتاکانی ڕەسەنترە (ابن تيمية، ٢٠٠٤، ٣٢٢/٢٠).

وەك؛ (ئارکۆن) پێیوایە، لەوقۆناغەدا فیقهی ئیسلامی یاسای دەستکردی مرۆڤی لە دورست بوون و بناغەوە بەناوی شەریعەت وەك یاسایەکی خودایي پیادەکرد (٢٠٠٦، ٣١). ڕادەی پێشکەوتنەکە گەیشتە هەڵاوێردکردنێکی تەواوی ڕێکخستنی پەرتوکە فیقهی و فەرمودەییەکان، وەك پەرتوکەکەی عەبدوڵڵا عەلی کوڕی جارودی نەیساپوری (٢٣٠-٣٠٧ك)، بەناونیشانی (المنتقى من السنن المسندة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم) وەك یەکێك لە پەرتوکەکانی ئەحکامی تایبەتی فەرمودەکانی فیقهی دانرا (موتێری، ٢٠١٨، ١٣٣). لەبارەی ئەو کتێبە دەگوترێت: بەرگێکی (ئەحکام)ی فەرمودە تۆمارکراوەکانە لە پلەی نایاب نایەنەخوار، مەگەر بەدەگمەن، ئەو فەرمودانەی بۆچۆنی ڕەخنەگرانیان تێدا جیاوازە (الذهبي، ٢٠٠٦، ١٤٧/١١). کە (أبو الوليد الباجي) پەرتوکێکی لەبارەی (المنتقي) بەناوی (المنتقي شرح الموطإ) نوسیوە .

ئەگەرچی؛ بارودۆخی سیاسی هەمووکات بەقازانجی فەقیهەکان نەبوو، کەچی شافعی لەڕێگەی نوسینی پەیامە بەناوبانگەکەی (الرسالة) ئامرازێکی نوێی بۆ ئیجتیهاد پێشنیاز کرد، وەك وەڵامدانەوەیێك بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەردەمی یەکەمی عەباسیي بەسەر بارودۆخی سیاسی و کەلتوریەکاندا هاتبوو (ئارکۆن، ٢٠٠٦، ١٠) ، تائەوەی (ئارکۆن) گەیشتۆتە ئەوەی کە هیچ بیرمەندێکی ئیسلام ناناسێت هێندەی ئەو هەوڵە ئەقڵییانەی شافعی بۆ نوسینی پەرتوکی (رساله) هەوڵی خستبێتەگەڕ، تا فەلسەفەی ئیسلامی لە ساڵی (١٥٠ك/٧٦٧ز) بەدواوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیبێت (٢٠٠٦، ٣٠-٣٢). بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی کە فەقیهەکان هەیانبوو (عەبدوڵڵا کوڕی وەهەب ١٢٥-١٩٧ك/٧٤٣-٨١٣ز) یەکێك لە دیارترین خوێندکارانی مالیك پۆستی دادوەری میسری ڕەتکردەوە، لەماڵ نەهاتەدەر، لەکاتی دەستنوێژ گرتنیدا کەسێك پێیوتووە: نایەیتە دەرەوە، بەپێی قورئان و سوننەت دادوەریمان بۆبکەی؟ لەوەڵامدا وتبووی: ئایا نەتزانیووە زانایان لەگەڵ پێغەمبەران زیندودەکرێنەوە، دادوەرانیش لەگەڵ دەسەڵاتداران؟ (عمارە، ٢٠١٠، ١١٨). ئەوەش دەستەواژەیەکی ڕونە کە زاناکان بەدەسەڵاتی سیاسی ڕازی نەبوون.

## ٨. پەیوەندی نێوان فەقیهەکان

لەگەڵ ئەوەی؛ ئەوانە فەقیهـو زانای دیاری کۆمەڵگای ئیسلام بوون، هەریەك لە فەقیهە مەزنەکانی جیهانی سوننە خوێندکار و مامۆستای ئەوانی دوای خۆیان بوون، بۆ پرس و ڕاوێژ بۆ لای یەکتر گەڕاونەتەوە، بەڵام هەندێکجار گرفت لەنێوانیاندا ڕویداوە، وەك ئەوەی حەماد کوڕی سەلمە ڕقی لە ئەبوحەنیفە بووە و بە (ئەبو جیفة) واتا (کەلاك) ناوی بردووە، کەچی عبدالرحمن کوڕی مەهدی پێیوابووە: لەنێوان ئەبوحەنیفە و حەقیقەتدا پەردەیەك هەیە. عومەر کوڕی قەیسیش وتبووی: هەرکەسێک حەقیقەتی دەوێت، بابێتە کوفە، بزانێت ئەبوحەنیفە و هاوەڵەکانی چییان وتووە (الخطيب البغدادي، ٢٠٠٢، ٥٦١/١٥). لەکاتێکدا، سەبارەت بە حەماد کوری سەلمە (ابن حجر العسقلانی) دانی بەدروستیداناوە، بەراستگۆ و ڕەسەن ناوی بردووە، نوسیویەتی: هەرکەسێک لەگەڵ حەماد ناکۆک بێت، ئەوا بۆچونی حەماد دروستە (١٩٩٦، ١١/٢). بەڵام؛ هۆکاری ئەو سوکایەتیەی (حەماد)مان لەهیچ شوێنێك نەبینی، هەربۆیە پێدەچێت ئەوە (بەغیلی) بووبێت بۆ ئەبوحەنیفە، هەرچەندە پەنجەی تۆمەتی شیعە بوون بۆ ئەبوحەنیفە درێژکراوە، پێدەچێت، بێجگە لەوەی مەوالی بوو، بەهۆی ئەوەبوو، کە پشتیوانی زەیدییەکان و شۆڕشەکەی ئیبراهیم کوڕی عەبدوڵڵای کرد (عكله، ٢٠١٣، ٩٣). لەکاتێکدا خەلافەت لەبواری ئاییندا کەموکووڕی تێکەوتبوو، بۆیە تۆمەتی شیعە بوونی تەنیا هەڵبەستراو بوو، بەڵام هۆکاری فارسبوونی وەك بابەتێك بەکارهێنرابێت و تێڕوانینێکی سیاسی و نەتەوەییان بەبەردا کردبێت.

لەلایەکی دیکەوە؛ عبدالله کوڕی عبدالعزیز عومەری زاهید(٩٨-١٨٤ك/٧١٧-٨٠١ز)، یەکێك بووە لەنەوەکانی عومەری کوڕی خەتاب (الذهبي، ١٩٩٣، ٢١١/١٢)، بەبۆچوونی (القاري) زانایەکی گەورەیە و پێش مالیك کەوتبوو (٢٠٠٢، ٣٢١/١)، بەیەکێك لە کەسە زانا و لەخواترسەکان دادەنرا، کەچی بۆ کارەکانی ڕاوێژی پێدەکرد، لەکاتێکدا لە عێراقەوە داوایان لێکرد ببێتە خەلیفە، ئەویش ڕاوێژی بە مالیك کردووە، بەوەڵامی: نەکەی، ئەوە کارێك نییە کوڕەکانی عەباس دەستبەرداریبن، تاخوێنێکی زۆر نەڕژێت. وەڵامی داوەتەوە. وتەکەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (٩٩-١٠١ك/٧١٨-٧٢٠ز)ی بیرخستبۆوە، کاتێك پێیان ڕاگەیاندبوو: قاسمی کوری موحەمەد بکاتە والی، ئەویش وتبووی: بنەماڵەی ئومەوی واز ناهێنن تاخوێنێکی زۆر نەڕژێت (ابن تيمية، ٢٠٠٤، ٣٢٥/٢٠). ئەوە ڕادەی پێشکەوتنی فیقهی ئیسلامی و باوەڕبوونی کەسەدیارەکانی کۆمەڵگاو بڕیارێکی سیاسی بوو بۆ ڕێگری لە وەرگرتنی پایەی خەلافەت.

بەهۆی بەرزی پێگەی مالیك؛ (الألوسی) ئاماژەی بەوەداوە کەس لەو زاناتر نەبووە، هیچ زانایەکی شاری مەدینە سەفەری بۆ هیچ شوێنێك نەدەکرد ئەگەر بچوبوایە لای ئەو، لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان لە زانا و زاهید و پاشا و خەڵکی ئاسایي دەهاتنە لای، بەجۆرێك پەرتوکی (الموطإ) بەسەر زەویدا بڵاوبویەوە جگەلە قورئان هیچ پەرتوکێکیتر هێندە بڵاونەبویەوە (٢٠٠١، ٣٢٢/١). تا زاناکان سەرەڕای ڕێباز و فیقهی جیاوازیان گرینگی زۆریان پێدا، یەکێك لەوانە موحەمەد کوڕی حەسەنی شەیبانی کوفی هاوڕێی ئەبوحەنیفە بوو، بەهۆی گرینگی پێدانی زۆریەوە بە (الموطاءی موحەمەدی) ناسرا (الكماخي، ٢٠٠٥، ٩/١).

بەوجۆرە؛ پەیوەندی نێوان فەقیهەکان؛ پەیوەندی نێوان خوێندکارو مامۆستایانی پایەبەرز بوو، تا شافعی ئاماژەی بەوەکردووە: بەهۆی مردنی مالیك لە حیجاز بێزار بووە، بۆیە چوەتە میسر، خودا لەوێ بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم قەرەبوی کردۆتەوە (السلماسي، ٢٠٠٢، ٢١٦). کاتێکیش پێشەوا حەنبەل باسی ئەبوحەنیفەی دەکرد دەگریا (ئیبن خەلەکان، ١٩٩٤، ٤٠٧/٥). ئەوەش دانانە بەوەی کە ئەوی لەسەروی خۆیەوە بینیوە. شافیعیش بە ئیبن حەنبەلی فەرمووە: تۆ زیاتر شارەزای فەرمودەیت، ئەگەر فەرمودەیەکی ڕاست هەبوو ئاگادارم بکەوە (ابن أبي يعلى،١٩٥٢، ٦/١). بەگشتی پەیوەندی نێوان پێشەوا شافعی و ئەحمەد زۆر باش بووە، ڕەوشتێکی جوانی هەبوو بەرامبەر بەو، تا کاتێك سواری ئەسپەکەی دەبوو حەنبەل ڕەشمەی ئەسپەکەی بۆ شافعی مامۆستای دەگرت (گەيلاني، ٢٠٢٣، ٥٨). ئەوەش دەرخەری ئەو پەیوەندییەیە لە نێوان ئەو فەقیهانەدا هەبوو.

## ٩.ئەنجام

بەپێی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە

١.دەرکەوتنی فیقهی سوننی؛ گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە بواری ئاییندا، وەڵامێك بوو بۆ هەموو ئەو پرس و پرسیارانەی لای موسڵمانان تێگەیشتنێکی ڕون و ڕۆشنیان نەبوو، فەقیهەکان بە هێنانەوەی بەڵگە و فتوای هاوەڵان و پشت بەستن بە ئەقڵ وەڵامی ئەو نارۆشنییەیان خستەڕو.

٢.هەندێك لە خەلیفەکانی قۆناغی یەکەمی خەلافەتی عەباسی؛ ڕۆڵێکی گەورەیان لە سەرخستن و پشتیوانیکردنی سیاسی و دارایي و زانستیي بۆ کۆکردنەوەی پەرتوکەکان و ڕاڤەی ئایینی و پێشخستنی قۆناغەکە گێڕا ، تا وەك سەردەمی (ڕێنسانس)ی ئیسلام

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp295-303

لای توێژەران ناوی براوە.

٣- پەیوەندی نێوان خەلافەت و فەقیهەکان لە گۆڕانکاریدا بووە، لە پشتیوانیکردن و ململانێدا، خەلیفەکان بۆ شەرعییەتی خەلافەتەکەیان پێویستیان بە فەقیهەکان هەبووە و زۆرجار پشتیوانیان کردون، کەڵێک جاریش فەقیهەکان ئازاردراون و زیندانی کراون.

## سەرچاوەکان


القرأن الكريم

برۆکلمان، کارل، (٢٠١٧)، مێژووی گەلانی موسڵمان، و: عومەر عەلی غەفور، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

حوسێن، تەها، (٢٠٢٣)، لەبارەی شیعری جاهیلییەوە، و: شەفیقی حاجی خدر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

عمارە، عمارە محمد، (٢٠١٠)، چوار ئیمامەکەی ئیسلام، و: فاروق بالیسانی، هەولێر، ڕۆژهەڵات.

عەزیز، هۆشمەند عەلی، (٢٠٢٣)، کاریگەری ململانێی مەزهەبی لەسەر نوسینەوەی مێژوو لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

گەیلانی، ماجد عرسان، (٢٠٢٣)، سەردەمی صەلاحەدین ئەونەوەیەی قودسی ڕزگارکرد، و، صادق شێخ عوسمان سازانی، سلێمانی، زەهاوی.

ماجد، عەبدولمونعیم، (٢٠١٣)، مێژووی سیاسی عەرەب، و: مەلا عەزیز، کەرکوك، ئاوێر.

موتێری، حاکم عبیسان، (٢٠١٨)، مێژووی نوسینەوەی فەرمودەو گومانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان، و: سەرهەنگ عەبدوالواحید قادر، سلێمانی، ڕێنوێن.

میسری، فوئاد مەجید، (٢٠٠٥)، بیری ئوسووڵیی ئیسلامی، چ٢، سلێمانی، ب.ش.چ.

ئەنوەر، کەیوان ئازاد، (٢٠٠٤)، مانیزم، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

ئارکۆن، محمد، (٢٠٠٦)، مێژوویێتیی هزری عەرەبیی ئیسلامی، و: نەریمان تاڵیب مۆریاس، چ١، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.

أبراهيم، أبراهيم عبدالرحمن، ١٩٩٩، المدخل لدراسة الفقة الإسلامي، عمان، دار اثقافة.

ابن الاثير، عزالدين (١٩٩٧)، الكامل فى التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، دار الكتاب العربي.

اسماعيل، رفيدة اسماعيل عطا المنان، (٢٠٠٩)، بيت الحكمة البغدادي وأثره في الحركة العلمية في الدولة العباسية (١٣٢-٦٥٦هـ)، الماجستير، جامعة الخرطوم.

الاشعري، أبو الحسن، (١٩٨٠)، مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، عنى بتصحيحه: هلموت ريتر، ط٢، مدينة فيسبادن، ألمانيا، دار فرانز شتايز.

الأشقر، عمر سليمان، (١٩٩٨)، المدخل إلى دراسة المدارس والمذاهب الفقهية، ط٢، الأردن، دار النفائس.

الأصبهاني، أبو نعيم أحمد، (١٩٧٤)، حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، د.م.ط، مصر، مطبعة السعادة.

الألوسي، أبو المعالي محمود شكري، (٢٠٠١)، غاية الأماني في الرد على النبهاني، تحقيق: أبو عبد الله الداني بن منير آل زهوي،الرياض، مكتبة الرشد.

إمام، محمد علي محمد، (٢٠٠٥)، كلمات مضيئة في الدعوة إلي الله، تقديم: الشيخ علي سعد أبو الخير، مصر، مطبعة السلام، ميت غمر.

أمين، أحمد، (٢٠١٢)، ضحى الإسلام، د.ط. القاهرة، مصر، هنداوى.

أمين، اواز جمال (٢٠٢٣) علماء حَرّان الحنابلة إبان العصر السَّلجوقي: ٤٢٩-١٠٣٧/٥٥٢-١١٥٧م ,"مجلة جامعة كويه للعلوم الإنسانية والاجتماعية doi: 10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp162-168

بن أنس، مالك، (٢٠٠٤)، الموطأ، تحقيق: محمد مصطفى الأعظمي، أبوظبي، مؤسسة زايد بن سلطان آل نهيان للأعمال الخيرية والإنسانية.

باتون، ولتر.ملفيل، (د.ت)، أحمد بن حنبل والمحنة، ت: عبدالعزيز عبدالحق، د.م.ط، دار الهلال.

البغوي، أبو محمد الحسين بن الفراء، (١٩٨٣)، شرح السنة، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، محمد زهير الشاويش، ط٢، بيروت، المكتب الإسلامي.

البكار، الزبير، (١٩٩٦)، الأخبار الموفقيات، تحقيق، سامي مكي العاني، بيروت، عالم الكتب.

ابن تغري بردي، يوسف عبدالهالحنفي، (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، مصر، دار الكتب.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس الحراني، (٢٠٠٤)، مجموع الفتاوى، جمع: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم رحمه الله، د.ط، المدينة- السعودية، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس الحراني، (١٤٤٠)، جامع المسائل، تحقيق، محمد عزيز شمس، ط٨، دار ابن الجوزي، السعودية.

الجيزاني، محمد بن حسين، (١٤٢٧)، معالم أصول الفقه عند أهل السنة والجماعة، ط٥، د.م، دار ابن الجوزي.

ابن حجر العسقلاني، أحمد بن على، (١٩٩٤)، إتحاف المهرة بالفوائد المبتكرة من أطراف العشرة، تحقيق: زهير بن ناصر الناصر، المدينة، مجمع الملك فهد.

ابن حجر العسقلاني، أحمد بن على، (١٩٩٦)، تهذيب التهذيب، تحقيق، خليل مأمون شيحا وأخرون، بيروت، دار المعرفة.

الحجوي، محمد بن الحسن بن العربي االثعالبي، (١٩٩٥)، الفكر السامي في تاريخ الفقه الإسلامي، بيروت، ط١، دار الكتب العلمية.

الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن ثابت، ٢٠٠٢، تاريخ بغداد، علق عليه: بشار عواد معروف، بيروت، دار الغرب الإسلامي.

ابن خلدون، عبد الرحمن، (١٩٨١)، العبر وديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، ضبط المتن: خليل شحادة، مراجعة: سهيل زكار، بيروت، دار الفكر.

ابن خلكان، أبو العباس الاربلي، (١٩٠٠)، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، دار صادر.

الدقر، عبدالغني، (١٩٩٦)، الامام الشافعي فقيه السنة الأكبر، ط٦، دمشق، دار القلم.

الدليمي، عباس فاضل، (٢٠٢٤)، مناطق التضاد العقائدى في طحن الامة بين الشيعة والسنة، ط١، ديالى، مطبعة جامعة.

الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله، (١٩٩٣)، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، المحقق: عمر عبد السلام التدمري، ط٢، بيروت، دار الكتاب العربي.

الزحيلي، وهبة بن مصطفى، (د.ت)، الفقه الاسلامى وأدلته للزحيلى، ط٤، دمشق، دار الفكر.

السامري، معظم الدين أبو عبد الله (١٩٩٧)، الفروق على مذهب الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق: محمد بن إبراهيم، الرياض، دار الصميعي.

سخنيني، عصام، (١٩٩٨)، العباسيون في السنوات التأسيس، د. ط، لبنان، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

السلماسي، أبو زكريا يحيى الأزدي (٢٠٠٢)، منازل الأئمة الأربعة أبي حنيفة ومالك والشافعي وأحمد، تحقيق: محمود بن عبد الرحمن قدح، الرياض، فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية.

السيوطي، جلال الدين أبو الفضل، (٢٠٠٤)، تاريخ الخلفاء، تحقيق: حمدي الدمرداش، مكتبة نزار مصطفى الباز.

السيوطي، جلال الدين أبو الفضل، (٢٠٢٢)، البحر الذي زخر في شرح ألفية الأثر، تحقيق: شعبان العودة، القاهرة، دار الذخائر والمكتبة العمرية.

ابن العبري، غريغوريوس، (١٩٩٢)، تاريخ مختصر الدول، تحقيق: أنطون صالحاني اليسوعي، ط٣، بيروت، دار الشرق.

العثيمين، محمد بن صالح، (١٤١٣)، مجموع فتاوى ورسائل العثيمين، جمع وترتيب : فهد بن ناصر بن إبراهيم السليمان، دار الوطن، الرياض.

ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن، (١٩٩٥)، تاريخ مدينة دمشق، تحقيق: محب الدين أبو سعيد عمر بن غرامة العمروي، د.م.ط، دار الفكر.

عكله، منال حسن، (٢٠١٣)، الثورات العلوية والشيعية في العراق واثرها في نشوء الفرق الاسلامية حتى عام ٣٣٤هـ ، ط١، بغداد، دار الشؤن الثقافية العامة.

عمر، أحمد مختار عبدالحميد، (٢٠٠٨)، معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب.

الغفيلي، عبد الله بن منصور، (٢٠٠٩)، نوازل الزكاة (دراسة فقهية تأصيلية لمستجدات الزكاة)، الرياض، السعودية، دار الميمان.

٣٩- القاري، علي بن سلطان محمد الهروي، (٢٠٠٢)، مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، بيروت، دار الفكر.

القطان، مناع بن خليل، (٢٠٠١)، تاريخ التشريع الإسلامي، ط٥، القاهرة، مكتبة وهبة.

القلقشندي، أحمد بن علي الفزاري (١٩٨٥)، مآثر الإنافة في معالم الخلافة، تحقيق: عبد الستار أحمد فراج، ط٢، الكويت، مطبعة حكومة الكويت.

ابن القيم، أبو عبد الله محمد، (١٩٩١)، إعلام الموقعين عن رب العالمين، تحقيق: محمد عبد السلام إبراهيم، بيروت، دار الكتب العلمية.

ابن القيم، أبو عبد الله محمد، (٢٠١٩)، الكافية الشافية في الانتصار للفرقة الناجية، تحقيق: محمد بن عبد الرحمن العريفي وأخرون، ط٤، دار ابن حزم، بيروت.

الكماخي، عثمان بن سعيد، (٢٠٠٥)، المهيأ في كشف أسرار الموطأ، تحقيق: أحمد علي، د.ط، القاهرة، دار الحديث.

الامام مالك، أبي عبدالله بن أنس، (د.ت)، موطاء، تحقيق، عبدالوهاب عبداللطيف، ط٢، د.م، المكتبة العلمية.

مالكي، محمد خلدون أحمد نورس، (٢٠١٠)، تعدد الخلفاء ووحدة الأمة فقها وتاريخا ومستقبلا، جامعة دمشق.

مسلم، أبوالحسين بن الحجاج، (١٩٥٥)، صحيح اسلم، تحقيق، محمد فؤاد عبدالباقي، القاهرة، مطبعة عيسى البابي الحلبي.

الماوردي، أبو الحسن، (د.ت)، الاحكام السلطانية والولايات الدينية، القاهرة، دار الحديث.

المقريزي، تقي الدين أحمد، (٢٠٠٦)، المقفي الكبير، تحقيق، محمد اليعلاوي، ط٢، بيروت، دار الغرب الإسلامي،

المنجد، صلاح الدين، (١٩٦٢)، الحركات التقدمية في العراق حتى غزو التتار، بيروت، دار العلم للملايين.

ابن منصور، سعيد، (١٩٩٧)، سنن، تحقيق: سعد بن عبد الله بن عبد العزيز آل حميد، المقديمة، ط١، دار الصميعي.

ابن منظور، محمد بن مكرم، الرويفعى الإفريقى (١٩٨٤)، مختصر تاريخ دمشق لابن عساكر، تحقيق: روحية النحاس وأخرون، ط١، دمشق، دار الفكر.

ياقوت الحموي، شهاب الدين، (١٩٩٣)، معجم الأدباء = إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، دار الغرب الإسلامي.

ابن أبي يعلى، أبو الحسين محمد، (١٩٥٢)، طبقات الحنابلة، القاهرة، مطبعة السنة المحمدية.

## تأثير الهيمنة السياسية في العصر العباسي الأول على ظهور المذاهب الفقهية السنية

### ملخص

إن الفقه أحد ركائز الدين الإسلامي، إنه طريقة لتحليل أراء المنظرين والعلماء وتفسيرها, فهي طريقة نفهم المصطلحات والمقاصد الشرعية، ولم يكن الاشتغال بالفقة أمراً سهلاً إن لم يكن فهم النص القرأني والنص في السنة النبوية في مقدرة كل واحد. فجاء علماء المذاهب ليوضحوا لنا المقاصد من النصوص وأهدافها. يعد العصر العباسي الاول عصراً ذهبياً للأبتاج الفقهي فكانت هناك فرصة ذهبية لفهم نصوص كتاب الله وسنة رسوله، فتم تدوين كتب الفقه المشهورة في هذه الفترة فلعب العقل دوراً مبرزاً في تحليل النص وفهمه، وبالتالي في تدوين الأراء والاجتهادات، وكان لتشجيع بعض الخلفاء من بني عباس دوراً مبرزاً في ذلك، فقد كانوا يشجعون العلماء والفقهاء المنظرين تشجيعاً ماديا ومعنوياً بغية الكتابة والتنظيم لأراء أصحاب المذاهب، وبالتالي جمع الأراء في دفتي كتاب لحافظوا على النتاجات القديمة للفقهاء الكبار، كما وتم تأليف كتب أخرى حديثة، وتم تأسيس مؤسسات معرفية –كبيت الحكمة، لدعم الفقهاء وتشجيعهم على التأليف وأبداء الرأي. ان الهدف من هذا البحث هو إظهار دور السياسة في هذه الفترة لتشجيع الفقهاء وتطوير الفقه وتأليف الكتب وكتابتها وإثر ذلك ولد الفقه المسند على أقوال رسول الله وصحابته الكرام. استخدم الباحثان في هذا البحث المنهج التحليلي التأريخي المقارن، ووصل البحث في النهاية الى نتائج منها انعكاس دور السياسة على كتابة الأراء الفقهيه وتدوين كتب الفقه المستند على الرأي والاجتهاد العقلاني في هذه المرحلة.

**الكلمات الافتتاحية:** الفقه، الخليفة، الامام، الفتوى، الاجتهاد.

**The Influence of the Political Hegemony of the First Abbasid Period on the Emergence of Sunni Fiqh Schools (132-247 AH/750-861 AD)**

ABSTRACT
Fiqh (Jurisprudence) is one of the pillars of Islam, it is a doctrine in which used for interpreting the Islamic ideologies. Through it, they could explain the concepts and the intentions of their religion, as not everyone could easily understand the texts of Quran and the prophet’s sayings. They interpreted the mysteries by depending on knowledgeable religious men and the follower’s speeches. Abbasi era is the golden age of fiqh, it was a scientific attempt, authorities made at that time to register books and activate the brain to give answers to the questions that people had on Islam and other religions. In that phase, it got to the top which attributes to the role and encouragements by some of the Caliphates. They encouraged and spent money on religious men, they supported their writings, translations, collecting and reshaping the old books. They established (The Home of Wisdom) a knowledge association, supporting the emergence and success of fiqh and science. This study aims to present the political role of that era in progressing fiqh of Islam, encouraging in collecting, registering and rewriting books, they presented explanation and interpretation of the texts and deeds of the prophet. A comparative explanatory method is adopted for analysis. The research concludes that the political phase had an impact on writing and registering the Sunnite fiqh and the emergence of thinking reflection.
**Keywords**: Fiqh, Caliphate, Imam, Fatwa, Understanding.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp295-303